کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-7-2007 0:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**چییان وت و ئێستا چی دەڵێن؟، لە پەراوێزی داوای سزادانی عەلی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە عومەراغای سورچی لە دیداری ڕۆژنامەی میدیای ژمارە 298دەڵێت: عەلی حەسەن مەجید زۆر مەرد بوو و هی ئەوە نییە ئیعدامی کەن ... عەلی مەحمود محەممەد**

www. anfal. be

سیاسەت بریتییە لە هونەری مومکینات، لە کوێ بۆت ڕێکەوت و بەرژەوەندی گشتی تێدا بوو هەلەکە بقۆزەوەو بستێك بە بانیا باز مەدە، هەرچەندە لە ناو چەپە پەرگیرەکان ئەمە کارێکی قێزەونە و پێی دەوترێت پۆپۆلیزم، وەلێ من بۆخۆم ئاشقیم، چونکە لە گشتدا جەماوەر بە شێوەی خۆی بیر لە دادپەروەری دەکاتەوە، لە کۆتاییشدا بە کەڵەکە بوونی ئەزموونەکان هەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی هەموو بە یەکسانی ڕاستەقینە پێکەوە بژێن.



سیاسی و نووسەری زیرەك و لێهاتوو ئەوەیە، بابەتی گرنگ هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە باس و خواستی کۆمەڵگا، هەموو کات هەڵبژاردنی قەزیە لە کات و شوێنی باش حیزب و کەسەکان دەکات بە پێشەنگی کۆمەڵگا لە قۆناغە جیاجیاکاندا، ئەوانەشی لە فکردا لە کلکن لە سیاسەتیشدا بە پاشکۆیی و پەراوێزی دەمێننەوە، وەسیەتم ئەوەیە وەکو لە پەندی گەلاندا باوە " هەموو دەم هەوڵ بدەن سەری مشك بن نەك کلکی شێر ".

هەمووومان بینیمان کەیسی هەڵەبجە چۆن لە بیر کرابوو، تەنانەت کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە داوایانکرد نوێنەرێکیان لەسەروبەندی خوێندنەوەی بڕیاری دادگا لە پای تاوانی ئەنفال ئامادە بێت، وەلێ ئەم داوا سەرەتاییەیان پشتگوێخراو گوێی لێنەگیرا، تەنانەت بە سەرپێیش وەڵام نەدرانەوە.

کامیلەکان سییەکانیان وشك بووەوە چوە لێواری مەرگەوە، دایکەکان چاویان دەرهێنرا و ئازار بە بینینی منداڵەکانیانەوە دەبینن، شار بوو بە خۆڵستان و قوڕستان کەس گوێی لێیان نەگرت، بگرە کەسیش لەسەریانی نەنووسی و خەمیانی هەڵنەگرت، ئەرێ ئەوکات لەکوێ خەوتان لێکەوتبوو نووسەرە مرۆڤ دۆستەکان؟.

زیاتر لە 100 ڕۆژە داوا دەکرێت عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە سزای سەپاو بەسەریدا جێبەجێبکرێت، کەسێك جورئەتی نەکرد ڕەخنەیەك دەرببڕێت، نەیوێرا فزیەك بکات، ڕەخنەگری لێهاتوو، سیاسی پێشەنگ، نووسەری دوربین، ئەوەیە ئازا بێت لە دەربڕینی هەڵوێست زوو قسەی خۆی بکات، پێش ڕوداوەکان بکەوێت و خوێندنەوەی خۆی زووبکات، ئاخر نووسەری کلك بە تایبەتی کلکی هەڵوێستی دەسەڵات، لەوانەیە پشتیوانی بۆ پەیدابکرێت، گەورە بکرێتەوە، وەلێ هەر بە بن زگی دەمێنێتەوە.

کاتێك کەمپینی بە دادگایی عەلی حەسەن مەجید ڕاگەیەنرا، بەڕێزی وا کە ئێستا دژ بەو بۆچونە نووسین دەنووسێت، تەنها خۆی نا بەڵکە ناوی منداڵ ساواکەشی لە کەمپینەکە دەنووسی، کۆمەڵەی قوربانیان لە داواکردنی جێبەجێکردنی سزای سەر عەلی حەسەن مەجید لە هەڵەبجەی تێپەڕاند و ڕاشکاوانە باسی لە سێدارەدانی کرد، دەتوانن سەیری بەیاننامە و لێدوانەکانیان بکەن لە ئەرشیفی ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان، وەزیری شەهیدان چوو بۆ بەغداو داوایکرد عەلی حەسەن مەجید لە هەڵەبجە لە سێدارە بدرێت، تەنانەت ئەوەندە بە حەماس بوو دەیویست سەری لەگەڵ خۆی بە دیاری بهێنێتەوە بۆ کوردستان، لەو کاتە هەموو دەیانووت ئێمە یەکەمین لەم داواکارییە، وەلێ کە دەسەڵات وتی ئێست ئێستا لە پاشەکشەدا پێشەنگن، دیارە پێشەنگی لە پاشەکشەکردن پێچەوانەی ئازایەتییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-7-2007 0:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

گرنگترین دەستکەوتی ئەو کەمپینە ئەوەبوو دۆزی هەڵەبجەی لە کەیسێکی ونکراوەوە کردە بابەتی زیندوو، ئێستا هەموو نیگاکان لەسەر ئەم شارەن، لە ڕێگەی سەری عەلی حەسەن مەجید و پەتەکەی ملییەوە دۆزی هەڵەبجە بە گەرمی هاتەوە پێشەوە، هەڵەبجە جارێك لە ڕێگەی گازە ژەهراوییەکەی عەلی کیمیاوی بە جیهان ناسێنرا، ئەمرۆ لە ڕێگەی قەنارەکەی ملییەوە برینەکانی هەڵدرێتەوە و هەموو جیهان ئاوێتەی ئازارەکانی دەبنەوە و بیر لە خەمەکانی دەکەنەوە.

ئەو کەمپینە لە پێناو سزادانی عەلی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە گەورەترین خزمەتبوو لە 19 ساڵی ڕابردوو بە هەڵەبجە کرا، ئەوەمان لە پێش چاوە، ئەو کردەیە لە کاتی جێبەجێکردندا لایەنی نەگەتیفی خۆی هەیە، بە تایبەت ئەگەر بە باشی خۆی بۆ ئامادە نەکرێت، بۆیەشە دەسەڵاتی کوردی لە ئاست ئەو داخوازە تۆقیوە، ئەمەش بەشێك ڕاستی تێدایە، عەلی حەسەن مەجید چەندە لە تاوانباریدا گەورەیە، لە سێدارەدانیشی لە هەڵەبجە بەو ئەندازەیەیە، ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی کورد و هەڵەبجەییەکاندایە، دەتوانن بەشێوەی جۆراوجۆر لە بەرژەوەندی خەڵکەکەی و مێژووەکەی و نەتەوەکەی بیقۆزێتەوە، لێرەوەیە هەموو کاردانەوەکان لە قازانجی هەڵەبجە و کورد سەبارەت بەو پرسە دەچێتە جۆگەلەی دەستکەوتی ئەوانەوە کە کاریان بۆیکرد و داوایانکرد و نووسیان لەسەری، دەنا وا نەبوایا دەبوایا دۆسیەی هەڵەبجە هەر لەسەر ڕەفتەکانی دادگای باڵاو حکوومەتی عێراقی تۆزی لێبنیشتایە، عەلی کیمیاوی سەری لێدەکرایەوەو کەسیش باسی هەڵەبجەی ناکرد، بەم داواکەرییە بۆ مێژوو سەلماندمان تاوانکارانمان لە لایەکەوە لە بیرناچێت، گەلێکین لە هەر هەلێکدا بۆمان ڕێکبکەوێت بە دوای تۆڵەی سیاسییەوەین نەك تۆڵەی شەخسی لە تاوانکاران، لە لایەکی دیکەوە هەر ڕۆژێك دەبێت سزای هەموو تاوانکاران بدەین، ماو کە سەرکەوت لە گۆڕەپانی تیانمین بە درێژی وتی: بژییییییی گەلللللللللللللل، کۆتاییمان بە زەلیلی هێنا، ژاپۆن یەکەم وڵاتە بۆ پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ چین، کەچی چینییەکان ناڕازین سەرەك وەزیرانی ژاپۆن بچێتە سەر مەزارگای تاوانباران، سەدان ملیار دۆلار دەکەنە قوربانی لە بیرنەکردنی زەلیلییەکانی نیو سەدە لەمەوپێشیان، ماو ئاوا کەرامەتی بۆ چینییەکان گەڕاندەوە، چینییەکانیش ئاوا داکۆکی لە کەرامەتی خۆیان دەکەن، شایانی ئەو شۆڕشە مەزنەن و ببن بەو گەلە مەزنەی ئێستا هەن، بۆیە پێویستە لێیانەوە فێر بین.

وەك باسمکرد لێبوردەیی دوای دادپەروەری و داوایلێبوردنکردن دەکەوێت، پێشی کەوت ئەوە زەلیلییە، کەی دەوڵەتی عێراقی بە فەرمی داوای لێبوردنی لەهەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان کرد و قەرەبووی زیانە مادی و ڕوحییەکانی بۆ کردنەوە، ئەوە جێی خۆیەتی ئێمەش لێبوردە بین، ئاساییە قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی قوربانیان کە لە سێدارەدانی عەلی کیمیاوییە لە هەڵەبجە بە قەرەبووکردنەوەی سیاسی و مادی بگۆڕینەوە، لە بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و هەڵەبجەییەکان، وەلێ خیانەتە بە هیچ بگۆڕدرێتەوە بە ناوی مرۆڤ دۆستییەوە، عەلی کیمیاوی ئەو مرۆڤە مەردەی عومەر ئاغای سورچی و ئەو مرۆڤەی ئەوانەی دژ بڕیاری لە سێدارە دانین، 5% گەلەکەمانی لە بیابانەکان زیندەبەچاڵکرد، لە بەرزایی 5000 مەترەوە ڕۆڵەکانمانی لە ئاسمانی کۆیە بەردایەوە، چەندین جار کوردستانی سەرتاپا وێرانکرد، چەندین ملیۆنی ئاوارەو دەربەدەرکرد، دژایەتی خۆی بۆ ژینگەو ئاژەڵیش نەشاردەوە، کێ هەیە لەکاتی گێڕانەوەی هەر سەربوردەیەکی کارەساتەکان، یان خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان یان بینینی فلیمەکان هەمان بۆچوونی منی نەبێت؟.

هەر زۆر زوو وتمان نا بۆ ئیعدامکردنی سەدام حسێن، کەس لە پێش ئێمەوە نەبوو لەو بوارە، چونکە پێویستمان بە ئامادەبوونی ئەو تاوانکارە هەبوو لە دادگا لە پێناو گەورەکردنەوەی کەیسەکانی دادگا و بڕیارەکانی، باشترین ڕێگە ئەوەبوو هەموو تاوانکاران بۆ کۆتایی دادگا سزاکانیان هەڵبگرترایا،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرچەنە ئەو پرۆسەی چەندین ساڵی دەخایاند و بەشی زۆری تاوانکارانیش بە مردنی سرووشتییان لە سزاکان ڕزگاریان دەبوو، وەلێ ئێستا کە یاسا ئەو ڕێگەیەی لێمان گرتووە، کارەساتی هەڵەبجەش هیچ تاوانکارێکی گرنگ لەسەری دادگا ناکرێت لە داهاتوو، چونکە کەیسەکانی دی هەموو تاوانکارانی سەرەکی بۆ مەرگ دەبات، بە تایبەت کەیسی سەرکەوتکردنی ڕاپەڕینی 1991 و ئەنفال، بۆیە ئەوە نەفامییە باس لە هەڵگرتنی عەلی کیمیاوی بکرێت بۆ کەیسی هەڵەبجە، چونکە ناوبراو یەکەم تاوانکاری سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە، شیعەکان لە ئاسمان دەیقۆزنەوەو تەیر لەبەردەم خۆیان نەجات نادەن، بۆیە لەم قۆناغەدا باشترین قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی خەڵکی هەڵەبجە جێبەجێکردنی سزای تاوانکارانە لە هەڵەبجە بە تایبەتیش عەلی حەسەن مەجید، وەلێ لەگەڵ ئەوەدام دەستبەرداری ئەم قەرەبووکردنەوە مەعنەوییە ببین، لە بەرامبەر قەربوکردنەوەی سیاسی و مادی، چونکە قەرەبوکردنەوەی مەعنەوی نە دەبێتە چاو بۆ ڕوقیە تاکو منداڵە تاقانەکەی ببینێت، نە دەشبێتە سی بۆ مامۆستا کامیل تاکو پڕ بە دڵی خۆی هەناسە هەڵمژێت، نە دەشبێتە قەرەبوییەکی سیاسی گەورە تاکو لەسەر پایەی دەوڵەتی پێ دابمەزرێنین.

گرنگ ئەوەیە بە ئیرادەی خۆمان سەلماندمان ئەگەر بمانەوێت دەتوانین گەورەترین جەلادی مێژوو لە شوێنی تاوانەکەی سزا بدەین، دەریشمان خست نەوەیەك بەڕێوەیە کۆیلەی خۆبەدەستەوان و زەلیلی زەلیلییەکان نابێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.